*Journal of Language Studies* Vol.8, No.3, 2024, Pages (197-218)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.8.3.10

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# (The concept of nihilism and its reflection in Kurdish poetry of Sorani dialect) (Hashim Saraj) for example

**Dr. Shwana Noori Abdullah***
**Department of History, College of Humanities, Halabja University, Halabja**
**Shwana.abdulla@uoh.edu.iq**

**Received:** 14 76 / 2023, **Accepted:** 6 /8 /2023, **Online Published: 31/ 3 /2024**

## Abstract

The current research is an attempt to interpret the concept of nihilism from the ancient Greek era to the postmodern era from different perspectives. The study sheds light on nihilism from the perspectives of ancient Greek philosophy and the western world in general and the reflections of modern philosopher Schopenhauer on this topic. The research describes and explains the reflection of nihilism in kurdish classic, modern, and postmodern poetry. The purpose of the study is also to show the differences and similarities of nihilism from Western perspective to the Middle Eastern perspective by referencing several poets. It is a fact that this context is more influenced by social norms, religious beliefs, and culture. The study also analyses the poems of Hashim Saraj as a modern poet. As a poet, Saraj is influenced by the intellectual waves of enlightenment movement. Although he has a large number of poems about pessimism and despair, he could not neglect the impacts of his culture in his poetry. However, Sarah's pessimism is to reflect a positive aspect rather than a negative one.

**Keywords**: nihilism, Kurdish poetry, Modern, asceticism, Hashim Saraj

* **Corresponding Author**: Dr. Shwana Noori**, Email:** Shwana.abdulla@uoh.edu.iq
**Affiliation**: Halabja University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# مفهوم العدمية وانعكاسها في الشعر الكردي باللهجة السورانية )

# (هاشم السراج) مثلا

**د. شوانه نورى عبدالله**

**قسم التاريخ، كلية علوم الإنسانية، جامعة الحلبجة**

**الـمـسـتـخـلـص**

يعمل هذا البحث على تفسـير مفهوم (العدمية) في سـياقها التاريخي منذ العصـر اليوناني قبل (أفلاطون) وحتى فترة ما بعد الحداثة بمعاني وآراء مختلفة، مهام البحث هو إظهار الآراء الفلسفية للإغريق والغرب معا على المفهوم خاصـة آراء الفيلسـوف الحداثي الغربي (شـوبنهاور) وفي نفس الوقت يظهر تفاعل هذا المفهوم في الشـعر الكوردي، يعد محتوى هذا البحث محاولة لإثبات التطبيق العملي لهذا المفهوم وانعكاسـه في المراحل الثلاث (الكلاسيكية، الحديثة، المعاصـرة) للشـعر الكردي ذات اللهجة السـورانية، مع العمل على الاختلافات بين هذا المفهوم والنظرة اليونانية، وهناك بعض أوجه التشـابه والاختلاف يقينا بين الشـعراء المذكورين في هذه الدراسـة، وهذا صـحيح أن منطقة الشـرق الأوسـط إلى الآن لا تزال متأثرة بالمعتقدات الدينية والعادات الاجتماعية والثقافية، لكن المهمة الرئيسية لهذه الدراسة هي العمل على أشعار الشاعر الحداثي (هاشم السراج) وهذا ما ثبت عمليا في هذه الدراسة أن هذا الشاعر له عدد كبير من النصوص الشعرية التي تحمل طابع التشاؤم واليأس الكبير، كما يتبين بشكل واضح تأثره بالموجة الفكرية لعصر التنوير الأوروبي من الفلاسفة والمؤلفين، إلا أن الشـاعر لم يسـتطع أن يتجاهل التأثير الثقافي لمجتمعه، لكن تشـاؤم هذا الشـاعر يجسد الجانب الإيجابي أكثر من الجانب السلبي، وتستوعب بشكل عام الجانب الإنساني .

الكلمات الدالة: العدمية، الشعر الكردي، الحديث، الزاهد، هاشم السراج

# (چەمکی نهێلیزم و ڕەنگدانەوەی لەشیعری کوردی شێوەزاری سۆرانی) دا

# (هاشم سەڕاج) بەنموونە

**د. شوانه نوری عەبدوڵڵا، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ڕاڤەکردنی چەمکی(نهێلیزم) دەکات، نهێلیزم لەنێو چوارچێوە مێژوویەکەیدا هەرلەسەردەمی گریکی پێش (ئەفلاتوون)ەوە، هەتاوەکو قۆناخی پۆست مۆدێرنییزم

بەماناو تێڕوانینیی جیاوازەوە بوونی هەیە، ئەرکی توێژینەوەکە دەرخستنی بیروڕای فەلسەفیانەی گریک و ڕۆژئاوایە لەسەر چەمکەکە،بەتایبەت بۆچوونەکانی فەیلەسوفی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی (شوبنهاوەر) لەهەمانکاتدا دەرخستنی ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکەیە لەشیعری کوردیدا، بەهەمان شێوە نێوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی پراکتیکیانەی ئەم چەمکە و ڕەنگدانەوەی لە هەرسێ قۆناخی( کلاسیکی، نوێ، هاوچەرخ)ی شیعری کوردی شێوەزاری سۆرانی، لەهەمانکاتدا کار لەسەر جیاوازییەکانی ئەم چەمکە دەکات لە نێوان تێڕوانینییە گریکی و ڕۆژئاواییەکەی لەگەڵ هزری ئەوشاعیرانەی لەم توێژینەوەیەدا باسکراون، کە بەدڵنیایی لیکچوون و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، چوونکە ئەوە ڕاستییەکە، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تا هەنووکە کارێگەری باوەڕی ئایینی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتوور ڕەنگدانەوەی بەهێزی هەیە لەسەر بیر و ئایدیای گشتی، بەڵام ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی توێژینەوەکە کارکردنە لەسەر شیعرەکانی شاعیری نوێخواز(هاشم سەڕاج) و ئەوەش بە پراکتیکی سەلمێندراوە لەم توێژینوەیەدا، کەئەم شاعیرە ژمارەیەکی زۆر لە تێکستە شیعرییەکانی ڕەشبینیی و نائومێدییەکی گەورەی پێوەدیارە، بەهەمان شێوە بەڕوونی کاریگەری تەوژمی فیکری قۆناخی ڕۆشنگەری ئەورپی بەرامبەر ئەو ڕەشبینییەی سەری هەڵدا لەنێو فەیلە سوفان و نووسەران و شاعیراندا لەلای ئەم شاعیرەش بەدیارکەوتووە، بەڵام شاعیر نەیتوانیوە کاریگەری کلتوری کۆمەڵگاکەی فەرامۆش بکات، بەڵام ڕەشبینییەکەی ئەم شاعیرە زیاتر لایەنێکی ئەرێنی پۆزەتیف بەرجەستە دەکات و کەمتر لایەنی نەرێنی و نێگەتیف، بەشێوەیەکی گشتی لایەنی ئینسانیی لەخۆدەگرێت.

کلیلە وشەکان: نهێلیزم، شیعری کوردی، مۆدێرن، زاهید، هاشم سەڕاج

## پێشەکی

چەمکی (نهێلیزم) چەمکێکی فەلسەفی جیهانییەو تایبەت نییە بەفەلسەفەو فەرهەنگی نەتەوەیەک، بەهەمان شێوە لەنێو هونەر و ئەدەبیاتی هەموو گەلانی جیهاندا بەمانا و واتای جیاواز بەپێی قۆناخەکانی بەرەوپێش چوونی هزری مرۆڤایەتی پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، ئەم چەمکە بەواتا ڕۆژهەڵاتییەکەی بەهۆی خۆ بوێری لەبابەتە کلتوریی و ئاینییەکان جیاوازە و بەهەمان شێوەش خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ دونیا بینییە ڕۆژئاواییەکە بۆ ئەم چەمگە، کەلە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، پوێژینەوەکە لەسێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تیۆرییەو چەمک و پێناسەی نهێلیزمی ڕاڤە کردووە، بەشی دووەم : پراکتیکییەو بەنموونە هەبوونی ئەم چەمکەی دیاریکردووە لەهەرسێ قۆناخی شیعریی (کۆن، نوێ، هاوچەرخ)ی کوردیی، بەڵام بەتەنیا لەیەک شێوەزاری شیعری کوردیدا ئەویش شێوەزاری (سۆرانی) یە، بەشی سێیەمیش بەهەمان شێوە پراکتیکییەو کار لەسەر شیعرەکانی(هاشم سەڕاج) دەکات، وەک شاعیرێکی نوێخوازی کوردی،لەبارەی چەمکی نهێلیزمەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە**: گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کەچەمکی نهێلیزم لەژیانی ئەمڕۆدا بۆتە دیاردە لەبیری بەشێک لەنووسەران و شاعیرانی کورد و بیری جڤاگی بەشێوەیەکی گشتی و بەهۆکاری جیاواز، بۆیەکەم جاریشە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بۆئەم چەمکە لەسەر شیعرەکانی (هاشم سەڕاج) دەکرێت.

**سنووری توێژینەوەکە**: سنووری توێژینەوەکە دیاریکراوە، تەنیا کار لەسەر شیعری کوردی دەکات لەشێوەزاری (سۆرانی) دا، تەنیا نموونەی شیعری سێ شاعیر وەرگیراوە بەیەک تا دوو نموونە، لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەکانی (هاشم سەڕاج) ، کە ئەرکی سەرەکی توێژینەوەکەیە، ئەوەش ڕوونە سانا نییە لەدووتوێی چەند پەڕاوێکدا ڕاڤەی هەموو شیعری شاعیران بکرێت سەبارەت بەم چەمکە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، کەنەتوانراوە گرنگی بەشێوەزارەکانی تری شیعری کوردی بدرێت، بەهەمان شێوەخودی چەمکەکە زۆرئاڵۆزە و لەناو هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکاندا هەیە، بۆیە جیاکردنەوەی کارێکی ئاڵۆزبوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** سوود لە هەردوو میتۆدی (وەسفی- شیکاری) و میتۆدی ( هەڵوەشێنگەرایی) بەتایبەت لەڕاڤەی تێکستەکاندا وەرگیراوە.

## بەشی یەکەم: چەند تێڕوانینێکی تیۆری لەسەر چەمکی نهێلیزم

## پاری یەکەم: زاراوەی نهێلیزم لەڕووی فەرهەنگەوە:

لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بۆ (پوچگەرایی) وشەی (پوچەڵ) بەواتای (بێ نرخ)( بێ برەو) بەکارهاتووە، بەهەمان شێوە (بی ارزش) ی فارسی بەکارهێناوە (موکریانی، 1388: 113 ).لەفەرهەنگی ئینگلیزی - عربی( الموارد الوسیط) دا ، وشەی( nihil) بە واتای (هیچ شتێ) یان (هیچ شتێ قیمەتی) نییە بەکار هاتووە، (البعلبکی ١٤٢٩:٣٩٨ ) لە (المنجد) دا وشەی (عدم) ی بەواتای لەدەستدان و ( ضد الوجود )واتە (نەبوون) بەکارهاتووە (معلوف،٢٠٠٢ :٤٩٢ ) لەفەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) دا وشەی nihilism) بەواتای ئەوە هاتووە، کەهیچ بەهایەک بوونی نییە (wehmeier، 1997: 1029 ) لە فەرهەنگی ( شیرینی نوێ ) فەرهەنگێکی (عەرەبی-کوردی ) یە وشەی (عدم )بەواتای( مالا وجود لە) کە واتای ( هیچ نەبوون) دەگەێنێت هاتووە، (نیزامەدین، ٢٠٠٧ : ١١٨٥ ) بەهەمان شێوە لە (المعجم الوسیط) دا وشەی (العدم) بەواتای (نەبوون، هیچ شتێک )هاتووە .(احمد، 2008: 356).

**دووەم : چەمکی نهێلیزم :** چەمکی( نهێلیزم) فرە ڕەهەندەو چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، کەلتوری جیاوازی کۆمەڵگا جیاوازەکان لەناساندنی ئەم چەمکەدا ماناو مەدلولی جیاوازمان بۆ بەرجەستە دەکەن، خودی ئەم چەمکە فەلسەفییە و کاریگەری لەسەر لایەنەکانی تری هونەرداناوە، بەئەدەب و هونەرەکانی تری وەک مۆسیقاو شێوەکاریشەوە، ئاڵۆزی ئەم چەمکە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کەخۆي لە چەمکەکانی وەک ( هەبوونگەرایي و عەبەسییەت ) دادەبڕێت و پوچگەراییەکی ئەبستراکت بەرجەستەدەکات، کەئەمەش بۆخۆی زۆر ئەستەمە ئەو جیاکارییە

چێبکرێت، بەتایبەت کاتێك شیعری کوردی و کەلتوور و فەرهەنگی کوردی دێتە ناو بابەتەکەوە، هەر لەبەر ئەوەیە ئەم چەمکە زۆر ئاڵۆزە و شەنوو کەوی زۆر هەڵدەگرێت .

( نهیلیسم) لە وشەی ( nihil) لاتینی وەرگیراوە کە بە مانای ( هیچ شتێک ) دێت، وەک بە ناوەکەیدا دەردەکەوێت ئەم فەلسەفەیە هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە لە ژیاندا، واتە هەموو شتێک کە کۆمەڵگا بەڕاستی دەزانێت و لە جیهانی ڕیالیزمدا بوونی هەیە لەم ڕێبازی پوچگەرابیەدا ڕەتدەکرێتەوە و گومان لەهەموو شتەکان دەکرێت. (کراسبی، 107:2013) لەم بۆچوونەدا مانای نهێلیزم چوارچێوەیەکی پوچگەرا لە خۆ دەگرێت بە تەواوی بەها ئاکاریی و جڤاکییەکانەوە، بە هەمان شێوە تەواوی ئایدیا ئاسمانی و ئینسانییەکان ڕەتدەکاتەوە بۆ نموونە لە نووسینێکی (محەممەد موسەویان) ئەم بۆچوونە تەواو بەرجەستە دەبێت، کە جۆرێک هزری شەیتانی دەخاتە پاڵ هزرە مارکسییستەکان (بێگومان نهیلیزم تەواو کەری قوتابخانەی فەلسەفەی مادەگەرایی یان ماتریاڵیزمە، کە خۆکوژی پەیامێکی گرێدراوە لە نێوان ئەم دوو قوتابخانە فەلسەفییەدا، لە نێوان ئەم دوو ڕێبازەدا هەر شتێک پێچەونەی واقع و ڕاستی ژیان و ڕێگەپێدراو بێت ئاساییە و بە هیچ شێوەیەک نا مۆ و ناپەسند نییە). (موسەویان، 69:1392) پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بە ڕۆڵی کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەکان کردووە لە ناساندنی ئەم چەمکەدا بۆ نموونە لە پەرەگرافی سەرەوەدا دوو جیهان و دوو دنیابینی جیاواز تێکەڵ کراوە( پووچگەرایی و ماتریالیزم) بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە دوو ڕێبازی جیاوزن بە پێچەوانەوە لە هرزی ماتریالیزمییدا خۆکوژی ڕێگە پێدراو نییە، بەڵکو بنەمای ئەو فکرە ململانێیە لە پێناو ئازادی لە نێوان تاک و کۆمەڵدا بنواڕە (کامۆ )لە (سیزیف) دا، بۆ زیاتر بە دیارخستنی مەبەستەکەمان و پاڵپشتی بۆ چوونەکەمان (Slocombe) دەڵێت: (چەند ڕێگایەکی جیاواز هەیە لە داڕشتنی بیروڕای پوچگەرایی کە، ئەم جۆرە هاوکێشەیە جیادەکاتەوە لە نێوان بەکار هێنانە ئایدولۆژییە جیاوزەکانی پوچگەرایی، لێرەدا جگە لە پیادەکردنی ئایدۆلۆژیای دیاریکراوی مێژوویی بە گشتی نهیلیزم بە سەر فەلسەفە جیاوازەکاندا جێبەجێ دەکرێت) . (2006:10 , Slocombe) .

لە لایەکی ترەوە ئەم چەمکە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە پێناسەی بۆ کراوە، کە لەم ڕوانگەوە پووچگەرایی لە لای مرۆڤ دەگەڕێندرێتەوە بۆ هۆکاری دەروونی دوای ئەوەی مرۆڤ لە ژیانی واقعیدا تووشی شکست دەبێت سەرەنجام متمانەی و هیوا لەدەست دەدات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی بیری پووچگەراییە؟ یان بەشێک لە هەڵوێستەکە گەڵاڵە دەکات، لە ڕاستیدا مرۆڤ زۆرجار هۆکارە دەروونییەکان بەرەو جیهانی نامۆیی و بێهیوایی ئاراستەی دەکەن (پوچگەراکان وا دەبینن کە تەواوی هیوا و ئامانجەکان تەنیا وەهمن، لەبەر ئەوە دەکەونە نێو جیهانی تاریک و باوەڕیان وایە هیچ شتێک لە بووندا ئەوە ناهێنێت بۆی بژیت، لە کۆتاییدا هەندێکیان بە خۆکوژی کۆتایی بە بوونی خۆیان دەهێنن و هەندێکیان لە ڕێگەی نووسینەوە پووچی و نائومێدیەکانیان وێنا دەکەن) ( هیوستن، 2012: ١٧) لە دەر ئەنجامی ئەو بۆچوون و ڕوانینەی ئاماژەمان بۆ کردووە ئەوە بەیاندەبێت، هەموو فەلسەفەکان بە ئایدیالیستی و ماتریالیستییەوە جۆرک لە پوچگەراییان هەیە و هەندێک تێڕوانینیش هەیە لەسەر پووچگەرایی، کە ئەم چەمک و ڕێبازە فەلسەفییە بە ئەرێنی دەنرخێنێت، لەو کاتەی ڕەتی ستراکچەری لە پێشتر بۆ بوون دەکاتەوە واتە بڕوابوون بە نەبوونی بوونی لە پێشتر و هەموو ماناو غایەیەکی پێشوەختانە و کلتووری سەرکوتکەر (نیهیلیزم ڕامانێکە لە ئەنجامی بێ ئومێدی و جۆرێک لەشک و گومان لای مرۆڤ دروست دەبێت لە سەردەمێکدا، کە بەها کۆمەڵایەتییەکان و شیرازەی ئاکار و ڕەوشت بەرەو هەرەس دەچێت هەوڵ دەدات مرۆڤ بۆ ئێستا بژی زۆر جار پشت لە ڕابردوو دەکات ئەمەش تا ڕادەیەک نیهێلیزم لە پۆزەتیڤیزم نزیک دەکاتەوە). (حوسێن، ٢٠٠٧: ٤٠)، بە بڕوای ئێمە نهیلیزم

زۆر فراوانترە لە بابەتی بەهای کۆمەڵایەتی و بەها ڕەوشتییەکان بە تایبەت لە دیدی فەیلەسوفانی پووچگەراوە ئەو ڕاستییە ڕوونتر دەرکەوتووە، بۆ نموونە (نیچە) دەڵێت: (بە هەڵەدا چووینە ئەگەر هۆکاری نهیلیزم لە تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵایەتی یاخود دارمانی فیزیۆلۆجی یاخود خراپتریش لە فەساددا ببینینەوە، چەرخی ئێمە شاراوەترین و تەمومژاوترین چەرخە تەنگ و چەڵەمەی ڕۆحی و بەدەنی یاخود ئەقڵ ناتوانن ئەمانە ببنە هۆکاری بوونی نهێلیزم) . (یاسین، ١٩٩٧: ١١ ) بۆچوونەکەی (نیچە) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چەمکی نهیلیزم فراوانترە لە ڕێبازە ڕەشبینییەکانی تر، لانی کەم ئەگەرتەماشای دیدی هەبوونگەراکان بکەین وەک (سارتەر و کامۆ) ئەوان لە کۆتاییدا ئەلتەرناتیڤێک پێشکەش دەکەن واتا ڕەتی شتێک دەکەن بە شتێکی تر، بەڵام فەلسەفەی نهێلیزم تەنیا پوچ بینی هەموو بەها و ئاکارەکانە بە بێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێک بخاتەڕوو ئەمەش ڕەها نییە دەتوانین بڵێن بەشێوەیەکی گشتی ئایدیاکە وا سەرچاوەی گرتووە (ئەم بیر و باوەڕە لە سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووسیای تزاریدا بایەخی بە دەست هێنا، ئامانجی سەرەکی لە ناوبردن و سڕینەوەی گشت ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییەکان بوو بەڵام، ئەلتەرناتیڤیشیان لە بەرامبەر نکوڵیکردنی هەمووشتەکان لەجیهاندا نەدەخستە ڕوو). (سەلاحی ،2010:48) (ئالان پارت ) بە شێوەیەکی گشتگیرتر پێناسەی ئەم چەمکە دەکات، کە زیاتر ناوەڕۆکی فەلسەفی و هزری ئەم ڕێبازە دەردەخات، چونکە ڕێبازی پووچگەرایی بە تەنیا کار لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان ناکات، بەڵکو بەها ئایینی و مەعریفە و سیاسەتیش لە جوغزی پووچێتی وەدەر نانێت (نهیلیزم کۆمەڵێک دیدگا لە خۆ دەگرێ کە لە ناو ئەم فەلسەفەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەتی لایەنی گشتی و بوونی مرۆڤیش دەکاتەوە بە هەمان شێوە مەعریفە و ئەخلاق پووچییە ئاکاری مرۆڤ و ژیان هیچ مانایەکیان نییە و ئامانج تەنیا وەهمێکە، بە هەمان شێوە ئەم توێژەرە پێنج جۆری پوچگەرامان بۆ دیاری دەکات پووجگەرایی ئەخلاقی، سیاسی ،مەعریفی، میتافیزیکی، ڕووت). (پارت: ٢٠٠٢ )، ئەمانە و چەندین بۆ چوون و پێناسەی تر هەن بۆ چەمکی نهێلیزم ئەمەش وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد پەیوەنی بە ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی خودی چەمکەکەوە هەیە، لە ئەنجامی تەواوی بۆچوونەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پووچگەرایی بە تەنیا ناتوانین لە لای یەک فەیلەسووف و یەك شاعیر و نووسەر جێگا بکەینەوە، بەڵکو لە نێو هەموو فەلسەفەکانی تردا بە ماتریالیستی و میتافیزیکی و هەبوونگەرایی و عەبەسی و قوتابخانە ئەدەبییەکانی وەک کلاسیك و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و ڕەمزییەت و پەرناسی و سوریالی و دادایی بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی کە دەوترێت (العدم المجرد) جیاوازترە و بەبێ بوونی هیچ جێگرەوەیەک یان ئەلتەرنایڤێک هەموو بەها مرۆڤایەتیی و ئەخلاقیی و ئایینی و سیاسیی و جڤاکیی و ڕابردوو و ئێستا و ئایندە بە پووچی دەبینێتەوە ئەوان وای دەبینن خودی بونیش بوونی نییە، لە هەمان کاتدا هیچ شتێک لە ژیاندا ئەو بەهایەی نییە کە مرۆڤ بۆی بژی، دواجار هەموو شتێ وەهمە و پووچییە ئەم پوچگەرایيەش لە پێش سوکراتەوە لە سەردەمی گریکی کۆنەوە تا دونیای پۆست مۆدێرنیزم بە واتا و ڕوانینی جیاواز لە نێو سیاغە مێژوویيەکەدا بوونی هەیە، دەربارەی پووچگەرایی لە قۆناغی مۆدەرنیتەو پۆست مۆدێرنەدا بەم جۆرە پێناسەی بۆ کراوە ( لە بیر و باوەڕی پوچگەرانەی مۆدێرنەدا ڕاستی بوونی نییە، تەنیا ئەو ڕاستییە بوونی هەیە کە دەڵێن ڕاستی بووی نییە، بەڵام لە پۆست مۆدێرنەدا دەڵێن ڕاستی بوونی نییە تەنانەت ئەو ڕاستییەش کە دەڵێت ڕاستی بوونی نییە) (پور، 2:1399) کەواتە چەمکی نهێلیزم لەناو چوارچێوە مێژوویيەکەیدا بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغی تر خوێندنەوەی جیاوزی بۆ کراوە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێ بیر و باوەڕ هەیە، کە پووچگەرایی بە هەبووێکی خراپ نازانن، ئەگەر ژیان بە پووچ ببینێتەوە لەبەر هۆکارێک یان دیاردەیەکی خراپی خودی ژیان بێت (پووچگەرایی خراپنییەو و ناشکرێت خراپ بێت ئەگەر ڕەتی ژیانی ڕاستەقینە بکاتەوە لە بەر هۆکارێک کە ئەو هۆکارە ڕەنگە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی مانایەکی هەبێت ڕەنگە لە بنەڕەتدا مەبەستەکە خزمەتکردن بێت

مرۆڤایەتی). ( tartattia, 2015:5) ئەمانە و چەندین بۆچوونی تر دەربارەی ئەم چەمکە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی سنووری توێژینەوەکەمان دیاری کراوە ناتوانین هەموو بۆچوونەکان باس بکەین و ڕاڤەیان بکەین، بۆیە ئەمە پوختەیەکە لە دید و بۆچوونەکان دەربارەی نهێلیزم و لە بەشەکانی دواتردا بە وردی تیشک دەخەینە سەر دیدگای چەند فەیلەسووفێکی پووچگەرایی.

## بەشی دووەم: مێژووی نهێلیزم و چەند سەرنجێکی فەلسەفیی و ئەدەبی:

### پاری یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی نهێلیزم لە فەلسەفە و هزری ڕۆژئاوادا :

بۆ باسکردن لەهەر چەمکێکی فەلسەفی یان ئەدەبی بەر مەودای ئەوەی لە پێش یۆنانی کۆنەوە هیچ تێکستێکی نووسراومان لەبەردەست نییە، دەبێت ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ گریک، ئێمە هەوڵ ئەدەین چەند سەرنجێکی مێژوویی بخەینە ڕوو پاشان بە کورتی قسە لەسەر چەند فەیلەسوفێک و بۆچوونەکانیان بکەین، ( ئایا پووچگەرایی بۆتە پرسیارێکی ڕاستەقینە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە فەلسەفییە دەبێت هەر لە فەلسەفەوە دەست پێ بکەین، فەلسەفەش وەک ڕاستەقینەیەک بریتییە لە بیروڕای (میلینیایی کۆن ) لە بیروڕای مەسیحییەتدا و هەروەها (پلەیتۆش) دەڵێت خودا ڕاستییە و ڕاستیش بریتییە لە خودایی، ئەمەش ئەم ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە بیروڕای پووچگەرایی لە پێش فەلسەفەی پلاتۆنی دا هەبوو( Baker, 2018: 4)بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێت سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئەفلاتون کە لە بیروڕا ی (میلینیا یی) کۆندا لە بواری فەلسەفەدا سەری هەڵداوە پاشان بە هەمان شێوە ئەفلاتوون بیر و بۆچوونی خۆی لە پووچگەرایی نیشان داوە کە پاشتر بە وردی دەچینە سەری، بەڵام لە هەندێک لە سەرچاوەکانی تردا ئەم مێژووە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەژدەیەم (لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا دەنگی ناڕەزایی و ڕەشبینی لە ئەورووپا سەری هەڵدا (بیرون) لە ئینگلتەرا، (ودی مووسیە) لە فەڕەنسا، (وهینی) لە ئەڵمانیا، (لبوباردی) لەئیتاڵیا، (پوشکین) لە ڕوسیا، بەشێکیش لە مۆسیقارەکان وەک (بتهۆڤن) سەریان هەڵدا، کە ئەمانە هەموویان لەژێر کاریگەری (شۆپنهاوەردا) بوون (عویفە،١٩٩٣ : ٥٨ ) لەو بۆچوونەی سەرەوەدا ئەومێژووە دەگەڕێنێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم و ڕەنگدانەوەکەی لە نێو ژانرە ئەدەبییەکان لەلایەک و هونەری مۆسیقا لەلایەکی ترەوە دیاری دەکات، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە سەرچاوەی هەموویان فەلسەفەیە و لەژێر کاریگەری شۆپنهاوەردا بوون، (فەلسەفەی نهێلیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و پێش سۆکرات کە ئەویش بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی بوون و ڕۆح و موڵکدارێتی و یاسا و مافەکان و هەموو شتێک، بەڵام لەم سەدانەی دواییدا لە ڕووسیای تزاریدا ناوی ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی بوو کە دەسەڵاتی حکومی و ناحکومی بە هیچ دەزانی و دواتر گۆڕا بە مەرامێکی شۆڕشگێڕانە بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی (شەبانی ،2015: 328) . لەوسەرچاوە سەرەوە مێژووی چەمکی نهێلیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکی پێش سۆکرات و پاشان سەرهەڵدانی لە ڕووسیا، بەڵام ئەم بزووتنەوە دواجار لە ڕەوتێکی ڕەشبینییەوە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەمەبەستی شۆڕش دژی بەها کۆمەڵایەتییەکان، زۆربەی سەرچاوەکان ئەم مێژووە دەگەڕێننەوە بۆسەدەی نۆزدەیەم ( لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێک زانا و فەلەسوف و بیرمەند کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیر و باوەڕی نهێلیستی لە ئەورووپا هەبوو لەوانە فۆیرباخ، داروین، شۆپنهاوەر و نیتشە و سپێنسەر) (حوسێن ،239:2007). مێژووی لە دایکبوونی هەر یەک لەم زانا وفەیلەسوفانە لە سەدەی نۆزدەهەمدان، بە هەمان شێوە لە کتێبی (النزعة العدمية)دا هەمان ئەو مێژووە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم، بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕادیکالانەوە گرێیدەدات، کە گرنگیان بە هیچ شتێك نەئەدا ( لە سەدەی

نۆزدەیەم لە ڕووسیا ئەم وشەیە ئاماژەی بۆ بێ هیواکان دەکرد، ئەوانەی گوێیان بەهیچ شتێك نەدا، بەڵکوو بۆ ئەو ڕادیکاڵانە ئەگەڕایەوە کە لە پرسیاری ( ما العمل)ی دۆستۆفسکی دا ڕەنگی ئەدایەوە )، (هیوستن ، 18،2012) هەر دەربارەی چەمکی نهێلیزم ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەبدا و بەتایبەتی ژانری ڕۆمان جارێکی تر مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەو ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی( باوکان و کوڕان) ی (ئیڤان تورگینیف) لەساڵی (1862) دا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە هەر چەمکێک لە نێو جیهانی فەلسەفەدا سەر هەڵ بدات بە هەمان شێوە لە نێو دونیای هونەر بە گشتی و ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە (لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا (فریدريك جەیکۆب) ئەم وشەیەی بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی نەرێینیانەی ئایدیالیزمی ترانسێنتاڵ ( باڵا)، بەڵام دواتر چەمکی نایاڵیزم لە ڕۆمانەکانی (ئیڤان تورگینێف ) (باوکان و کوڕان) دەنگی دایەوە ئینجا بوو چەمکێکی باو). (پرات، 2019، 12) هەرچی دەربارەی هونەری شانۆ هەیە بە تایبەتی شانۆی پوچگەرایی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، کە بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە بە کارهاتووە ( شانۆی پووچگەرایی یان پووچی، بۆ یەکەم جار ئەم زاراوە یە لەساڵی (1961 ) ناونیشانی کتێبێک بوو لەبارەی شانۆیی بێ هوودە، کەلەلاین مارتن ئیسلان بڵاوکرایەوە) .(عومەر، 179،2012) . ئەمە و چەندین سەرچاوەی تر هەن کە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لە فەلسەفە و ئەدەبدا بۆ هەمان مێژوو دەگەڕێننەوە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی هەموویان لەم توێژینەوەیەدا بخەینە ڕوو، فەلسەفە و هزری ڕۆژئاوایی مێژوو مەودایەکی دوور و درێژی هەیە دەیان فەیلەسووف و نووسەری لە خۆ گرتووە دەربارەی چەمکی نهێلیزم بە دەیان فەیلەسووف قسەیان لەسەر کردووە، لە نێو ئەو مێژووە دوورو درێژەی ڕۆژئاوادا تەنیا لە سێ قۆناغدا و تەنیا سێ فەیلەسوف وەردەگرین، چونکە ناتوانین لە توێژینەوەیەکی سنورداردا کۆی فەلسەفەو سەرەنجەکان دیاری بکەین ئەویش قۆناغەکانی (پێش ئەفلاتونن)، (ئەفلاتون) و قوناخی (مۆدێرنێتە)و (شوپنهاوەر) وەک نموونە.

یەکەم: (نهێلیزم) لای ئەغریقیەکان لەم قۆناخەدا کە بەرهەمی بیری سەرەتایی وەک ئەفسانە زۆر بابووە و بۆ چونەکان زیاتر ئەفسانەیین، بۆ نموونە ئورفییەکان ڕەوتێکی فەلسەفەیی بوون زۆر عەدەمیانە لەخودی مرۆڤیان ڕوانیوە ئەویش بەهۆی ئەفسانەوە کاتێک تیتان گۆشتی خواوەندی خوارد ئیتر لەو کاتەوە بەشێک لەگیانی ئەو خواوەندەی ڕشتە ناو جەستەی مرۆڤ وەک سزسایەک لەوتاوانەی کەکردویەتی). ( المحمدی، 2001: 10). لێرە بیرێک لە فەلسەفەی ئەم ڕەوتەدا دروست دەبێت، ئیتر بوونی مرۆڤ لە ژیان بۆ ئەبەد پوچییە و هەمیشە دەرچونی گیانیا لە زیندانی لەشیاندا بەفریاد ڕەس دەزانن، بەو واتایەی ژیان زیندانیکی ئەبەدییە، یەکێکیتر لەو فەیلەسوفانەی قوناخی پێش سوکرات و ئەفلاتون (پارمێنیدێس 540-480)پ.ز کاریگەری زۆری لەسەر ئەفلاتون داناوە لەدونیا بینییەکانیدا (بەدامەزرێنەری میتافیزیک یاخود ئۆنتۆلۆجی دادەنرێت قوتابخانەیەکی فەلسەی دامەزراندوە بەقوتابخانەی (ئیلیایەکان) شۆرەتی پەیدا کردوە بیرکردنەوەی خۆی لەناو هۆنراوەکەیدا تۆمار کردوە بەناوی (لەبارەی سروشتەوە) لەوێدا یەکەمین ئەرگومێنت لەمێژوی فەسفەدا تۆمار کراوە جەختدەکاتەوە، کەگۆڕان مەحاڵە بوون یەکدانەیەو بەزەرورەت هەروایەو ئاواشدەبێت). (پرات 2019: 40)کەواتە بوون لە دیدی ئەم فەیلەسوفەوە، کە لەشیعردا ڕەنگی داوەتەوە ئەوباوەڕەیە، کەیەک بوون هەیەو ئەو بوونەش ئەزەلیەو ڕاستە قینەیە و یەکێکە، دونیای زۆرینەکان بەشێکە لەوەهمەکان هیچ ڕاستەیکی تێدا نییە ئەوەی حەققەتی هەیە دونیا یەک پارچەییە، هەرگێز ناگۆڕێت، (لەبڕوای (پارمنید) لەسەروی گۆڕانەوە بوونیاتێکی جێگیر و ناکۆتا و پەی پێنەبەر بوونی هەیە و ئەم بوونە ناجوڵێت و ناگۆڕێت، (بوون) هەرگیز نە هاتوتەبوون و هەرگیزیش لەناوناچێت). (میهرین، 24:2009) ئەم بۆچوونەی ئەم فەیلەسوفە بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری لەسەر

ئەفلاتۆن دروستکردووە، بە تایبەتی ئەوکاتەی جیهانی مادی ڕەتدەکاتەوە و بەجیهانی زۆرینە و سێبەری لەقەڵەم دەدات ( پارمنید، کە سوقرات شانازی بەوەوە ئەکرد، کە خوێندکاری ئەو بووە و ئەفلاتونیش بەشێک لە فەلسەفەی خۆی لەوەوەرگرتووە). (میهرداد 2009 :23) ، بەڵام لەهەندێ بۆچوندا جیاوازی زۆریان هەیە، (پارمێندس) بۆ پەیبردن بەچەمکی (ڕاستی و زانیین) هەمیشە دووڕێگای دیاری کردووە (گومان) و(ڕاستی) (یەکەمیان هەبوون هەیە وناتوانرێ نەبێ ئەمەش ڕێگای ڕاستە، دووەم نەبوون نییە و نابێ هەبێ)، (عەزیز، 2008 :89). هەرچی دەربارەی ( ئەفلاتوون 427-347پ.ز) ژیانی مادیی بەعەدەم و پوچ دەزانێت و بەجیهانی ڕاست و حەقیقی نازانێت، بەڵکو جیهانی ڕاستی جیهانی ئاسمانەکانە و ئەوی تر ڕەنگدانەوە و سێبەرە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەربوون و چەمکەکانی (چاکە و جوانی) و چەمکی (هونەر) لەلای ئەم فەیلەسوفە بدوێین . ( لەدوونیای مادیدا تەواوی شتەکان لەنێوان هەبوون و نەبووندان وەهیچ شتێک ناگاتە پلەی کامڵ بوون، کەواتە لەدنیای مادییدا چەمکی (بوون) مانایەکی نییە، دەبێت لەدونیای (ئایدیا) دا، کە هەمیشە پایەدارە بەدوای (بوون) دابگەڕێین، چونکە بوونەوەرەکانی ئەم دوونیایە ڕوکەش گەلێکی نوسراوی لەوێنەکان زیاترنیین) . (میهرین،2009 :62)، کەواتە ئەو دونیایەی کەدونیای حەقیقەت و ڕاستییە دونیای ئایدیاکانە و کامڵ بوون تەنیا لە وێیە، بەڵکو ئەوەی دونیای مادییە تەنها ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی دونیای کامڵە، کە دونیای ئایدیاکانە، ئەمەش دیدی نەێلیزمی ئەفلاتوون دەردەخات لە بەرامبەر ئەو دونیایەی، کە بەدوونیای سیبەر ناوی دەبات. (دکتۆر کامل بەسیر) بەم شێوە جیهانی ئایدیا و جیهانی سێبەری جیاکردۆتەوە لە کتێبی ( ڕەخنە سازی)، (یەکەم جیهانی ( ئایدیا) واتا (عالم المثل )، کەبارەگای نموونەی بەرزی هەموو ڕاستی شتەکانە، دووەم جیهانی هەست پێکراو ( عالم المحسوس)، کەشانۆی هەمووشتێکی مادییە، سێیەم جیهانی ( سێبەر) واتە ( عالم الضلال) کە هونەرمەندەکان بەهۆی هونەرە جوانەکانیانەوە دروستی دەکەن) . ( البسیر، 1983 :16)، کەواتە لەم دیدگایەوە هونەر و هونەرمەندان سێ هەنگاو لەژیانی ئایدیا و ڕاستیەوەدوورن، بەهەمان شێوە ( ئەفلاتون) لەگفتوگۆی ( ئیۆن) ئەم ڕاستیە دەردەخات، کەبەشێوەی پرسیار و وەڵام لەگەڵ (سوکراتی) مامۆستای ئەدوێن، لە کەتێکداپرسیارو وەڵام دانەوە هەرخودی ئەفلاتون خۆیەتی ( سوقرات: بە باوەڕی من وێنەکێش و هونەرمەند لاسایی کەرەوەی ئەوشتەن، کە دووەکەی تر درووستیان کردووە، ( گلوکون) : باشە کەوابوو ناوی لاسایکەرەوە بەسەر دروستکاری شتێکدا ئەبرێ کەپلەی سێیەمی هەیە لە چاو سرووشتی ڕاستەقینەی شتەکاندا. سوقرات : بەتەواوی وایە، (گلوگون):کە وابوو شاعیری تراژیدیش ئەگرێتەوە چونکە لاسایکەرەوەیە). ( زکریا:1974 :55) دەربارەی ( چەمکی جوانی و چاکە) ئەفلاتون باوەڕی وایە، کە تەنیا تێگەیشتنە لەجیهان ڕاستی و حەقیقت و پەیبردنە بەژیانی ئەبەدی، بەهەمان شێوە( ڕەمە کی سێکسی) بەلای ئەفلاتون نەوە هۆکارێکی خراپە بۆ خراپە ئەمەش زیاتر کاریگەری ئەفلاتون نیشاندەدات بەسەر (شوپنهاوەر)ەوە و جیهانە (زاهید) ییەکەی، کەڕەتی سێکس دەکاتەوە ( ئەشقی ڕاستەقینەی زۆر، هەم ئەقڵ لە (نەزۆکی) ڕەها ئەکات و ئەبێتە مایەی پەیبردنێکی نوێی و تێگەیشتن لە ژیانی ئەبەدی و واتە گەیشتن بە ( جوانی ناسی هەقیقەت) و چاکەی ڕەها و ژیانی ڕۆحیانەت. هەرکەس زاڵبێت بەسەر ڕەمەکی سێکسیدا ئەتوانێت لە ژیانی دادپەروەرانەو ( فەزیلەت خوازدا) بێت، بەڵام هەرکەسی نەیتوانی زاڵبێت بەسەریدا، هەرگیز ناتوانێ کەسێکی دادپەروەربێت). ( میهرین،2009 :17- 64) قسەکردن لەسەر ئەفلاتۆن چەندین لێکۆڵینەوەی دەوێت، بەڵام لەم توێژینەوەدا زۆر بەکورتی تیشکمان خستەسەر بۆ چوونەکانی دەربارەی (بوون) و چەمکەکانی وەک ( هونەر و چاکە و جوانی ) هەر بۆیە ئەم فەیلەسوفە ژیانی مادی بە پوچگەرایی دەبینێت و لە کۆمارەکە یدا هونەرمەندان و شاعیرەکان بەچاوێکی کەم دەبینێت، هەر ئەمەش وادەکات شاعیران بە درۆزن و نەزان وەسف بکات و لە کۆمارەکەی جێگایان نەکاتەوە.(شوپنهاوەر 1788- 1860ز) . (شوپنهاوەر): وەک فەیلەسوفێکی

نهێلیزمیی سەردەمی مۆدێرنێتە ناسراوە شوپەنهاوەر لە نێو تەواوی فەیلەسوفان و نوسەرانی جیهانی عەدەم و پوچگەراوە بە ڕەشبینترین فەیلەسوف ناسراوە، هەر بۆیە ئێمەش لە دوو توێی باسەکەماندا زیاتر لە سەری دەدوێین و هەوڵدەدەین بۆ چوونەکانی دەربارەی ( بوون ) و ژیان و مەرگ و ئاکار و هونەر و (ژن) و تەواوی دیاردەکان تری ژیان بخەینە ڕوو ( شوپەنهاوەر لەساڵی 1788 لەشاری ( دانزج) لەوڵاتی ( ئەڵمانیا ) لەدایک بووە، لەهەموو ئەوانی تر ڕەشبینتر و نا ئومێدتر بوو ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ژیان و فەلسەفەکەی . ( عويضة، 1993: 58)، هۆکاری پوچگەرایی لای شوپنهاوەر، جگە لە بۆ چوونەکانی خۆی لە بەرامبەر خودێتی بوون و ژیان هۆکارە سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ( ناپلیۆن) و ئەو جەنگە وێرانکاریەی کەئەوکات ئەوروپای گرتبوویەوە، دیارە جەنگ و ئەنجامەکانی جەنگ دوای شوپنهاوەریش چەند قوتابخانە و ڕێبازێکی تری پوچگەرایی بەرهەم هێنا وەک (سوریالیستەکان و دادابیەکان)، کە ئەمانە هەموو بەرهەمی جەنگ و ئاسەوارەکانی بوون لە ئەوروپادا، ( شتێک لەو نائومێدییەی شوپنهاوەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتاییە خەمناکەی، کەبەسەر ناپلۆندا هێنرا ئەنجام تێکشکانی ناپلیۆن بوو لەگەشت شەڕێکدا و لەگەڵ ئەمەشدا شۆڕشی فەڕەنسا مرد و ڕۆحی ژیانی ئەوروپای بەخۆیەوەبردە ناوگۆڕەوە). ( ديورانت، 2012: 373 - 374)، هۆکارێکی تری پوچگەرایی لەلای ئەم فەیلەسوفە دەگەڕێتەوە بۆ مردنی باوکی، کە هەندێک سەرچاوە دەڵێت باوکی خۆی کوشتوە و هەندێک دەڵێت کەوتوتە ناودەریاوە و خنکاوە لە کتێبی (بين الفلسفة و الأدب) دا بەڕوونی هاتوە، کە باوکی خۆی کوشتوە ( لەساڵی 1805 باوکی شوپنهاوەر خۆی کوشت و پاشانیش داپیرەی مرد، ئەمە لەڕووی دەروونییەوە تەواو ئەو فەیلەسوفەی وێران و بێ هیواکرد). ( عويضة، 1993: 61)، لە تێڕوانێک تردا هاتوە، کە باوکی شوپنهاوەر بەهۆی ئەوەی ژنەکەی زۆرخراپ بووە خۆ کوژی کردووە، بەڵام بۆ چوونە ڕاستەکە ئەوەیە کە باوکی لەبەر خراپی دایکی شوپنهاوەر خۆی کوشت، چونکە ئەم فەیلەسوف هەتا مرد ئافرەتی بەڕەمزی خیانەت و غەدر وێنادەکرد ( بۆچونێک هەیە، کە باوکی شوپنهاوەر لە شوێنێکی بەرزەوە دەخزێت و دەکەوێتە ناو ڕوبارێک و دەمرێت، بۆ چوونی دووەم ئەوەیە کە باوکی بەهۆی پەیوەندی خراپی لەگەڵ ژنەکەی خۆی کوشتووە، هەربۆیە شوپنهاوەر ڕەق و کینەیەکی زۆری بۆدایکی هەبووە) . ( ئيسماعيل، 2018: 9) بۆ چوونەکانی ئەم فەیلەسوفەلەسەر ژیان و بوون لە وەوە سەرچاوە دەگرێت، کەژیان خۆی نامورادییەکی گەورەیە، پڕ لەژان و ئازارێکی بەردەوام و هەمیشە دووبارەیە، ژیان پڕە لە دڵشکان و دواجار پیری و مەرگ، کەواتە لەوێنەی واقیعی ژیان دواوە، کەلای ئەم فەیلەسوفە بنەمای بوون پوچییە ( ژیان و سەرتاپای بوون لە کۆمەڵێک تراژیدیا پێکدێت و دروست بووە، هەبوون و ژیان هیچ مانایەکیان نییە، ئەوەی پێی وایە شاد و بەختەوەرە، لە کاتێکدا تەنیا ئێش و ئازار و پەرێشانییەکەی کەم بۆ تەوە و دوای ماوەیەکی تر سەر هەڵدەدەنەوە و زیاد دەبنەوە )، (ئيسماعيل،2018: 13)، دەربارەی (عەقڵ )و (لوژیک) ئەم فەیلەسوفە باوەڕی وایە (لۆژیک) کەڵکی نییە، چونکە ئێمە تەنیا لەڕێگەی ویستەوە دەتوانیین خەڵک تێبگەیەنیین نەک عەقڵ، شۆپنهاوەر وادەبینێت عەقڵ تەنیا لەڕوکاری دەرەوە ئەدوێت ئەو وابیردەکاتەوە ئەقڵ و ژیری ماندوودەبن، بەڵام ویست ماندو بوون نازانێت ئەگەر عەقڵ پێویستی بەخەوتن هەبێت ئەوا ویست بەردەوام کاردەکات (هەرگیز کەس نەیتوانیوە بەهۆی لۆژیکەوە کەسێک قایلکات، گەربتەوێت قەناعەت بەکەسێک بکەیت دەبێت پەنا بەریتە بەر وروژاندنی بەرژەوەندی تایبەتیی و حەز و ئارەزوو ویستی ئەو کەسە). (ديورانت، 2012: 386 )، ئەو فەیلە سوفانەی پێش شوپنهاوەر ئاوەزیان بەجەوهەر دەزانی، ئەم شۆڕشێکی دژیان بەرپا کردوو ئەو بۆچوونەی سەرا وێژ کردەوە و شکۆی بە(ویست) بەخشی و ئاوەزی لە جەوهەرەوە کردە ڕووداو، بەتایبەت کۆجیتۆکەی (دیکارت)، کە ئاوەزی بە جەوهەر دەزانی( ویست جەوهەرە و ئاوەز ڕووداو، ویست ماتەرە و ئاوەز فۆڕم، ویست ئاگرە و ئاوەز ڕووناکی). (دەروێش، 2019: 39).ئەوەی پەیوەندی بەهونەرەوە هەیە، لای ئەم

فەیلەسوفە هونەر دەبێت خەسڵەتی شتەکە دەربخات نەک تەنیا فۆتۆیەکی ڕووکەش ( شۆپنهاوەر باوەڕی وایە، کە هونەرمەند یان شێوەکار لە کۆتایدا هەر کۆپی دەکات، بەڵام کۆپی نموونەکان نەک تاکەکان یاخود بابەتە هەندەکییەکان). (دەرویش، 2019: 104)، هەرئەم بۆچونەشە لە ئەفلاتونی جیادەکاتەوە.، بەڵام دەربارەی (مۆسیقا) بۆچوونی جیاوازی هەیە، بەومانایەی کاریگەری زۆرترە و بەقوڵی بەنێو ناخدا ڕۆدەچێت و دەربڕی ڕاستەوخۆی خودێتی شتەکانە ( مۆسیقا وەک هونەرەکانی تر نییە، تەنیا بۆدەرخستن و بەرجەستەکردنی بیرو ویست نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ ویستە پێویستی بەنواندن نییە ڕاستەقینەیەکی لەسەرو سروشتەوەیە نرخی گەردوون لە پارچە ئاوازێکی تاڵ یان شیرین چێدەکات). (شیا،١٩٨٥: ١٧١). بۆچوونەکانی دەربارەی (ژن) ئەوەیە کە (ژن) بونەوەرێکی خراپە لەبەر ئەوەنا کە ڕقی لەدایکی بوو، هەرچەندە دایکی نوسەرێکی بەناو بانگ بوو، بەڵام ئەو ئافرەت بەوەتاوانباردەکات، کە ڕوکەشن و جەوهەری شتەکان نابینن ( ئافرەت بۆکاری هزریی و داهێنان نە خوڵقاوە، کاری ئەوان تەنیا وەچە خستنەوەیە). (هیوستن، ٢٠١٢: ٥٠)، دەربارەی (سکێس) و وەچە خستنەوە، ئەم فەیلەسوفە باوەڕی وایە، کە کوشتنی ڕەمەکە ئاڵۆشینەکان هۆکاری بەختەوەرییە و دژی منداڵ خستنەوەیە، ئەو پێی وایە تاوان ئەوەیە منداڵ بخەێتە نێو ئازارەکانی ژیانی پوچگەرایی ( یەکێک بەهۆی (تەرفانا) وە دەتوانێ بەبەختەوەری بگات، ئەم مناڵانە چ تاوانێکیان کردووە تابیان هێننە ناو ژیان و کوێرە وەریەکانییەوە). (دیورانت،418:2012).*(تەرفان) تیۆرێکی هیدۆسییە، مرۆڤ بەختەوەردەکات، بەهۆی چەپاندن و خەفەکردنی ئارەزوو ئاڵۆشە جۆراو جۆرەکان، کەواتە شوپنهاوەر ژیانی بەختەوەری لەدوونیای (زاهید)دا دەبێتەوە، زاهیدیش ئەو جیهانەیە، کە خۆی لەهەموو چێژی شتە مادییەکانی دونیا دادەبڕێت و لە دونیایەکی ئەبستراکتی ڕۆحیدا دەژی (ژیانی زاهید وەک بوێکی عارفی پوختە، وەک ئاوێنەیەکی ڕوونی جیهانی دەژی، ئیتر هیچ شتێک جارێکی دیکە بێزار و هەراسانی ناکات، ئیتر هیچ شتێک نابزوێنێت). (دەرویش، 113:2019). لەکۆتایدا ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بۆ کردووە دەربارەی فەیلەسوفی پوچگەریی(شوپەنهاوەر) تەنیا چەند سەرەقەڵەمێکە لە جیهانی تەموو مژاویی و پڕ نهێنی ئەم فەیلەسوفە، لەگەڵ ئەوەی دونیا بینییەکی ڕەشبین و نائومێدی وێنادەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک کەسایەتییەکی بە ئیرادە لەبەرامبەر نادادی و ناشیرینی و جەنگ و سیستمی تۆتالیتاریی و شتگەلێکی تری بووندا خاوەن هەڵوێست و شتی جوانی بەمرۆڤایەتی پێشکەش کردووە.

## پاری دووەم: نیهیلزم و شیعری کوردی:

جێگەی باسە ئێمە هەمیشە لەڕێگەی تیۆرە فەلسەفەکانی ڕۆژئاواوە شەقڵ و بنەماکانمان لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا تەتەڵەو شەنوکەو کردووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا خاوەن فەیلەسوف و تیۆرسازنەبووین، بەچ هۆکارێک ئەوە بابەتێکی ترەو پەیوەندی بەم توێژینەوەیەوە نییە. شیعری کوردیش بەهەمووشێوازەکانیەوە خاوەنی چەندین دەقی ( نیهێلیزمە) هەرلە (بابەتاهیری هەمەدانی)ەوە، هەتا ئەوڕۆکە بەدەقەکانی کرمانجی ژوورو شێوەزاری (گۆرانیش)ەوە، بەڵام ئێمە سنووری ئەم توێژینەوەیەمان دیاریکردووە، کەتەنیا شیعر و شاعیرانی شێوەزاری سۆرانی لە خۆدەگرێت، لە هەرسێ ڕێبازی (کلاسیک)یان ئەدەبی کۆن، لەگەڵ شیعری نوێی و هاوچەرخ، کەدەیان شاعیری بەتوانا لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئێمە بۆ هەر قوناغێک تەنیا یەک شاعیر وەردەگرین، ئەوانیش ( مەحوی، گۆران، بەختیارعەلی).

یەکەم : مەحوی :(1830_1904) (مەحوی) وەک شاعیرێکی دیار و ناوداری شیعری کلاسیکی کوردی، بەهۆی ئەو دیدە سۆفیگەرییەیەوە، جۆرێک لە پوچگەرایی لە بوون و ژیان لەشیعرەکانیدا

ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش لەجوغزێکی ئایینی و کوردیدا، کە پێشتر ئاماژەمان بەجیاوازی ترادسیۆن کردووە لەپێناسەی نهێلیزمدا. مەحوی وەک سۆفیەکی سەربەڕێبازی نەقشبەندی، لەدیدێکی فەلسەفەوە لە ژیان و مانای ژیان دەدوێت، ڕەتی مانای ژیان مادی دەکاتەوە بەپوچی دەبینێت، ئەم پوچگەراییەلای مەحوی بۆ فەلسەفەی بوون هەمان بۆ چوونەکان فەیلەسوفان نیهێلیسیتی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپایە، بەڵام بەدوو ڕەهەندی جیاواز، ئەگەرلای شوپەنهاوەر سەرچاوەی ئەم پوچێتیە، عەقڵگەرایی سەردەمی ڕۆشنگەریی و کاولکارییەکانی ئەوروپا بوو بێت، ئەوە لەلای مەحوی شاعیر ڕەهەندێکی سۆفیگەرانەیی ( ئایینی) یە، کە وادەبینێت ئەم جیهانە تەنها وە هم و سەرابە لەبنەڕەتدا ئەوە خۆمانیین بۆ دا پۆشینی چاومان بە وەهم مانابە بوون دەبەخشین وەک دەڵێت:

**ئەوەی ئەمڕۆ بەدەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلوق**

**لەدەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلوق**

**پـــەل پـەل کردنی سبحەی ئـــەگەر ببوایە بـاوەڕیـان**

**دەبووقەت بەم حەدە نەبووایە بۆ دنیا پەلەی مەخلوق-** ( دیوان، 223:1387).

لێرەدا دەبینی، کە (مەحوی) هەمان هەڵویستی شوپنهاوەری هەیە لەو چێژانەی، کە بۆ ماوەیەکی کەم ئازارەکان کەمدەکەنەوە، بەهۆی خرۆشان و خۆشەویستی دونیاوە، بەڵام لێرەدا جیهانێکی دی بوونی هەیە، کە جێگەی تۆڵەسەندنەوەیە لە مرۆڤەکان، لەبەرامبەر ئەو هەواو هەوەسانەی دونیا کە یاسا غەو نابێت بکرێت، ئالێرەدا مەحوی لەدوونیا بینییەکەی ڕۆژئاوا جیادەبێتەوە.

**بـەئـــاوی تێـگەیشتن ئێمە دنــیا، هــەرســەرابێ بـــوو**

**هەموو دەشچین بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلوق**

**لــەسوقی دەهــردا دووکانی هەرکــەس مــوودەتی عـومـرە**

**گوهەردانە بە پشکڵ دانە مەحوی، مامەڵەی مەخلوق ( دیوان، 233:387).**

سەرابی دونیاو وەهمی تێگەشیتن لە لای مەحوی، هەمان بۆ چونەکەی ( ئەفلاتوون)ە، کە ژیان نەویستی دەردەخات، لە بەرامبەر شتە ناجەوهەرییەکانی جیهانی وەهم و سێبەر ( ئەشکەوتە بەناو بانگە فەلسەفییەکەی ئەفلاتوون) ( کەمال، ٢٠٠٩: ٢٢٧). مەحوی شاعیر لەم دوو دێڕەدا بەڕوونی خۆشەوستی (زوهد) و ژیان نەویستی دەردەخات، بەوەی ژیان هەرچۆنێک بێت لە کۆتایدا بەنەبوون و مردن کۆتایی دێت، دونیا جگە لەسەرابێک هیچیتر نییە، لێرەدا شاعیر ئەوە بەیاندەکات (بوون ) پەیوەندی بە ئەنتۆلۆژیای هزری مرۆڤەوەیە بە تێگەیشتنێکی هەوەسبازانەی هەڵە، چونکە ژیان ئەوبوونە خەیاڵاویە نییە، کەمرۆڤ نەخشەی خۆشبەختی و بەختەوەری بۆ کێشاوە، بەڵکو واقیعی ژیان ( پوچە). (شیعری سۆفیگەری پشتی بەشیعری زوهد بەستووە، شیعری ئامۆژگاریی و ئاکارییە). ( وەسمان، 265:2013)، بەدڵنیایی مەحوی شاعیر لێرەدا جۆرێک لە ئامۆژگاریمان نیشاندەدات لە ناساندنی ژیان و بووندا، بەهەمان شێوە لە دێڕە شیعرێکی تردا پوچی ژیانمان نیشاندەدات، بەجۆرێک کەتاڕادەیەک زمانێکی (هەجوو) ئاسا بەکاردێنێت، ئەمەش بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر بێبەهایی ژیان.

**دونیا تیاترۆیە مەوەستەتیا، بڕۆ**

**کێ مایەوە تیا، کە نەبوبێ ( تیا) تڕۆ** ( دیوان، 1387 :364).

لەئەنجامدا لەوە تێدەگەین ( مەحوی ) شاعیر لە دیدێکی سۆفیگەرانەوە، خۆنەویستانە ( زوهد) و دوونیا نەویستانە، عەدەم و پووچی ژیان دەخاتە ڕوو، بەڵام حاڵەتی نهێلیزمی لای (مەحوی) لەسەر بنەمای باوەڕبوونە بەدونیایەکی تر، کە لەسەر بنەمای ڕاستی و پاکی و ئاکاری بەرز بونیادنراوە.

(گۆران 1904 - 1962) ، ڕەنگە تاڕادەیەکی زۆر جێگەی گومان بێت، کاتێک گۆرانی شاعیر لە نێو جیهانی نهێلیستی جێگە بکەینەوە لەدیدی خوێنەرانەوە، لە بەرئەوەی ئەم شاعیرە کەسێکی سیاسیی و ڕیالیستیی و واقیعی و لە هەمانکاتدا لە نێو حیزبێکی سیاسی کاریکردووە، کەبونیادی هزرەکەی لەسەر بنەمای تێکۆشان و ململانییە و هەمیشە بەچاوی گەشبینی بۆئایینده دەڕوانێت، بەڵام کاتێک ئێمە قسەلە دەقی ( شیعر) دەکەین و وەک شاعیر لە (گۆران) دەڕوانین، ئەوا هەرگیز دابڕاو نابێت لە دونیای ڕەشبینی و بێ هیوایی، بۆ نموونە لە شیعری ( بۆ هیوای کورم ) ئەم حاڵەتە دەبینیین، کە شاعیر لە دیدێکی ( هیومانسیتی) یەوە، بەرەو (نهێلیستی)دەڕوات :

**ئەگەر وەک بـاوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە**

**زەمـان گـەردی ئـەمـەلتی گشت بـەدەم باوە بپێژایـە**

**لـەنـاوکڵپەو بڵێسەی نـا ئومێدی و حـەسرەتـا یەکسەر**

**بسووتایە بە هاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر** ( دیوان ، 1980: 202)

گۆران لەڕێگەی چەند وشەکەوە، بەڕوونی نائومێدی خۆی نیشانداوە وەک ( حەسرەت ، زەهر، بەدەم باوە، کڵپە و بڵێسەی نا ئومێدی، سوتان) ئەوە کۆی ئەو ئازارە دووبارە و نەبڕاوانەن، کە مرۆڤ لەنێو بۆتەی بووندا بە پوچگەرایی دەگەیەنێت، بەهەمان شێوە و لەنێو هەمان دەقدا دەڵێت:

حەقت بوو بێ و چان بگری بەسەرتاوانی باوکیما

بەحر پڕکەی لەتف بیدەی بە نـاو چاوانی باوکیما ( دیوان، 1980: 202).

شاعیر لەم دێرەدا نەفرەت لە پرۆسەی بەباوک بوون دەکات، وەک ئەوەی باوکێتی تاوانێکی گەورەبێت کە بەم هۆکارە ( هیوا) لەنێو ئازاری سەرەمەرگدا دەیبینێت، ئەم هەمان بۆ چوونەکەی (شوپنهاوەرە) بۆ تاوانی دروستکردنی منداڵ ( تەنیا هۆکارێک بۆ لە ناوبردنی خواستەکان، کە سەرچاوەی ئاوی ژیان وشک دەکات بریتیەی لە خواستی وەچەخستنەوە، ئایا منداڵان چیان دەستدەکەوێت تا ئێمە بیانهێنینە ژیانەوە وئازاری ئەم ژیانە بچێژن). ( عويضة، 1993: 108)، لە دێڕیکی تری شیعرەکەدا دەڵێت:

**هەموو قافڵەی بێ ئیختیباری سەرزە مینێکین**

**هەموو دێن و دەڕۆین ...تاکو ئەگەین ... یەعنی ئیتر ئەمرین** ( دیوان، 1980: 202)

لێرەدا شاعیر جارێکی تر پوچی ژیان لەڕێگەی هەرەشەی مەرگەوە بیشاندەدات، مەرگ ئەو ڕاستیە تاڵەی، کە هەموومان لەبەرامبەریدا دەستەوسانین و ڕێگایەکە بۆ سەرهەڵدانی هزری پوچگەرایی لەژیان، هەرچەندە شاعیر بە جۆرێک لە جۆرەکان دڵنەوایی خۆیدەکات بەوەی، کە ئەمیش بەبێ پرس هاتۆتە نێو ژیان و بەبێ پرسیش ئەڕوات، کە ئەمەش بەهەمان شێوەی ڕستەیەکی زۆر قوڵی عەدەم و نهێلسیتییە .

(بەختیار عەلی):

بەختیار عەلی وەک شاعیر و لە هەمان کاتدا وەک ڕۆمان نوسێکی هاوچەرخی نێو دونیای ئەدەبی کوردی جێگە پەنجەی دیارە، لە کۆ بەرهەمە شیعرییەکەیدا بەشێوەیەکی دیار و ڕوون، ڕەشبینی و نا ئومێدی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە شیعری ( نائومێد و پیاو کوژان) دا زۆر بەڕوونی لەڕەهەندێکی مێژووییەوە ڕەشبینی و نائومێدی خۆیمان نیشاندەدات و ( هیچ) دەکاتە بنەمای باوەڕی خۆی و پوچی ژیانمان بۆ وێنادەکات

**ڕۆژێک پیرێک لــە نێوان مـن و دونیــادا دەوەستــا و دەیگووت**

**باسی ئومێدم بۆ مەکە ئومێد میتاڵێکە بەدەگمەن زرینگەی دێت،**

**منیش بەشارەکــاندا دەگـــەڕام - دەمبیست**

**قومری هێندە بەتام باسی مردن خۆی دەکرد**

**(من باوەڕم بە هیچ ) نەما** . ( دیوان: 1999: 9) .

بەهەمان شێوە لە قەسیدەی ( عەشق ) دا. پوچ گەرایی دەگاتە لوتکە لەلای بەختیار عەلی، ئەو ناکۆکە لەگەڵ خەڵک لەگەڵ ئاسمان و زەوی، کە پەنجەرەیەک شک نابات بۆ خۆی، هەرچەندە چەمکی عشیق فراوانترە لە واتا ئەستبراکتەکەی خۆی لەم قەسیدەدا، بەڵام ئەو لە ڕێگەی عەشقەوە دۆڕانەکانی مرۆڤمان نیشاندەدات لەم بوونەدا، کەلە دۆڕانێکی ئەبەدیدایە:

**عەشق شەڕێکە بێکۆتایی لەگەڵ خوا و لەگەڵ سروشت و موعجیزەکاندا و**

**عاشق هەمیشە دەدۆڕێت** ( دیوان، 1999: 117) .

بە هەمان شێوە و هەر لە قەسیدەی (عیشق) دا، لە ڕێگەی ئەم چەند دێرەوە ئەو پوچییەمان لە ژیان نیشاندەدات، کەلە ژیاندا هەرگیز لەگەڵ هەموو حیکمەکاندا کۆنابینەوە و هەمیشە شتێک لەنەبووندایە، هەمیشە بوونێک لەنا ئامادەیدایە، کەواتە بوون ئەوچێ بوونەیە، کە ناتەواوەو مرۆڤەکان هەمیشە لە چاوەڕێی ( گۆدۆ) دان، لێرەدا زۆر جوان هزری(ساموئیل پیکتیت) و دونیا بینیینە نهێلیستییەکەی ڕەنگی داتەوە.

**بەیــانی دێت و مــەرگ دێت و پایز دێت و تۆ دێیت و عەشق نــایەت**

**عەشق دێت و بەیانی نایەت و پایز نایەت و تۆ نایەیت و مەرگ نایەت**

**تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی نایەت و پایز نایەت و مەرگ نایەت**

**تۆ دێت و عەشق دێت و بەیانی دێت و پایز نایەت و مەرگ نایەت**

**تـۆ دێیت و عـەشق دێت و بەیانی دێت و پایز دێت و مــەرگ نـایەت**

**مەرگ دێت و بەیانی نایەت و عەشق نایەت و پایز نایەت و تۆ نایەیت**

**سەیرکە هەرگیز لەگەڵ موعجیزەکاندا کونابینەوە** (دیوان، 1999: 121)

لەناو شعری کوردی شێوەی زاری سۆرانیدا چەندین شاعیرو شعری نهێلیستیمان هەیە، بەڵام ئێمە بەهۆی سنورێکی دیاریکراوەوە لە تویژینەوەکەماندا تەنیا ئەم سێ شاعیرەمان وەرگرت، ئەمەش مانای ئەوە نییە دەقی تر و شاعیری تر نییە لەو دونیا بینییەدا .

## بەشی سێیەم : چەمکی نیهیلیزم لە شعرەکان (هاشم سەراج ) دا .

هاشم سەراج وەک شاعیرێکی نوێخواز لە شاری هەولێر لە جیهانێکی زۆر تایبەت و دونیا بینییە کی نوێوە لە نێوەندی ئەدەب و شیعردا دەرکەوتووە، کە چەند شاعیرێک بوون زیاتر بە گروپی گۆڤاری (هاودەنگ ) ناسرابوون و زیاتر ئامانجیان نوێ بوونەوە بوو لە شعری کوردیدا، ( ئێمە نووسەرانی گەنجی ئەوسا بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەو فەلسەفەیەکی بوون و هابەشمان هەبێت، هاتین گۆڤارێکمان بەناوی ( هاودەنگ ) لە هەولێر بڵاوکردەوە، نەوزاد رەفعەت و هاشم سەراج و سەلاح عومەر و ڕۆستەم باجەلان و ع .ع. یوسف و چەندێکی دیکە بووین ) (پیربال، 2007 : 213) لەلایەکی تریشەوە باس لە گروپی پێشڕەو ( تەلیعیەکان ) کراوە کە (هاشم سەراج) یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو گروپە دڵشاد عەبدوڵا لەم بارەیەوە دەڵێت (بانگەشەی ئەوەمان دەکرد، نابێت ئەدەب پاشکۆی سیاسەت بێت، بچێتە سێبەری چەکەوە، ئێمە دەمانووسیت شیعر لەو جۆرە وابەستەبوونە ڕزگاربکەین کە بە درێژایی نیوسەدە گرفتاربوو بوو پێیەوە ).(عبدوڵلا، 2006 : 21) .هەر چەندە ( هاشم سەڕاج ) خۆی ئەو گروپ و ناو و ناونیشانانە ڕەتدەکاتەوە ئەو باوەڕ بوونی خۆی بە دونیای تاتگەرایی و فەردانییەت نیشاندەدات ( بەشبە حاڵی خۆم بڕوام بەم ناونانوو زاراوەیە نییە، تەنیا ئەوە بوو کۆمەڵێک برادەری نووسەرو هونەرمەند بەیەکەوە زۆتر لەیانەی ئازادی دادەنیشتین و دیالۆگوو دانوستانی ئەدەبی و هونەریمان دەکرد زیاتر لە ئەدەبی جیهانی دەدواین، نەشەپۆلێکی شیعریی و ئەدەبی بوونی هەبوو نەمانیفێست و ڕێبازێک من باوەڕم بە تاتگەرایی و فەردانییەت هەیە، هەڵبەت فۆڕمی جیاواز پەیوەستە بە تێکستەوە، بزوێنەری سەرەکی دانیشتن و گفتوگۆکان ڕەحمەتی مامۆستا مەحمود زامدار بوو، (سەڕاج: 2020)، لەگەڵ ئەوەی (هاشم سەڕاج ) دونیا بینییەکی جوانی هەیە بۆ ژیان و ئارەزوومەندە بۆ چێژوو بە قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ نەخشەی بوون وێنەدەکات، بەڵام لە پاڵ ئامانەش بەشێکی زۆر لە دەقەکانی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی و نائومێدی تەژی بوون شاعیر لەشیعری (نانو) دا، بە چەند دەستەواژەیەک وێنای پوچگەرایی ژیانمان نیشاندەدات .

**- ژیان وەهمێکی شینە**

**- مردن دواین زەردەخەنەی ژیانە**

**- ئیرۆتیک سەگێکی هاری**

**دۆزەخ نشینە** (سەڕاج، 2012: 8)

لەم چەند دێرەی سەرەوەدا شاعیر هەرسێ چەمکی (وەهم، مردن، ئیرۆتیک ) لە نێو دەقەکەدا بەکاردەهێنێت، کە هەرسێکیان هەڵگری گوزار شتێکی ( عەدەمین) بۆ ژیان (وەهم ) یەکێک لەو حاڵەتانەی مرۆڤ بەرەو باوەڕی پوچگەرایی دەبات لە بووندا، ئەو باوەڕەیە هەموو شتەکان بە وەهم و هەڵخەڵەتهنەر دەبینێتەوە هەر وەک ( شوپنهاوەر) دەڵێت چێژەکانی ژیان کاتین و کۆتاییان دێت و دیسان ئازارەکان بەردەوام دەبن ( ئەوەی پێی وایە شادو بەختەوەرە، لە کاتێکدا ئێش و ئازار و پەرێشانییەکانی کەم بوونەتەوە و دوای ماوەیەک سەرهەڵدەدەنەوەو زیاد دەبن ) . (ڕەسوڵ 2018: 13) دونیای ( زوهد) و (سۆفیگەریی) سەرەتا و بنەمای هەڵوەشاندنەوەی چەمکە وروژێنەرەکانە، کە گەردوون ناشیریندەکات بە هەمان شێوە بەدیدە (شوپنهاوەر)یەکەش حەزە سێکسیەکان بەهێزترین حەزە و کێشە و سەرچاوەی نەهامەتییەکانە ( حیکمەتی کۆتایی ئەوەیە کلیەی ئارەزوەکان خامۆش بکەین مرۆڤەکان دابەزنە نزمترین ئاستی خواستەکانیان)، (عویضة، 1993 : 108) بەهەمان شێوە لای (هاشم سەڕاج ) یش، ئیرۆتیک سەگێکی هارو دۆزەخێکی شینە، کەواتە ئەویش وەک هەموو

شتەکان تر پوچییەکە ئیرادەی مرۆڤ بێ هێزدەکات لە بەرامبەر جەوهەری بوونەکەیدا، چێژێکی ساختەکارانەی هەڵخەڵەتێنەرانەی کاتییە، چەمکی (مردن ) هەمان ئەو چەمکەیە، کە پوچگەرایی ژیان لە ڕووی کاتەوە نیشاندەدات، (مردن دوا زەردەخەنەی ژیانە) لێرە دا دەستەواژەی زەردەخەنە دوو واتای هەیە، یەکەمیان شێوازێکی لاقرتی بە ژیان لە خۆ دەگرێت و ئەوی تریان وەک وێستگەیەکی ئاسودەیی و ڕزگاربوون لە وەهمی ژیان خۆی یەکانگیردەکات وەک (شوپنهاوەر) دەڵێت: ( ئارەزوکردنی مردن بۆ ئێمە باشترە، مردن فرسەتێکی ناوازەیە تاوەکو مرۆڤ چیتر نەبێت بە ( من ) (الانا) .( هیوسێن ،2012: 55)

*لەلای ( هیندۆسەکان) (من) ساوێرو هەڵخەڵەتانە و تاکیش ڕاگوزار و فانییە، حەقیقەتیش (تاکی بێکۆتایە) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە سەر (النزعة العدمية فى الادب الاوربى)

**- بوون**

**تاقیگەیەکی ئاژەڵییە**

**- گـەشبینی ڕاکـــەڕاکی دەورانی مـنـاڵـیـیـە**

**- ژیان لە خولانەوەیەکی سیزیفی زیاتر نییە**

**- بۆچی هاتی و بۆ ڕۆیشتی**

- گۆشەگیری ڕامانە لە بێواتایی بوون (سەڕاج، 2012 : 27-28)

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا لە دیوانی ( شیعری نانۆ )، شاعیر چەند بابەتێکی تر دەوروژێنێت و دانا کەسێت، ئەمیش پێویستی بە پەیبردن و تەیکردنی ورد هەیە بۆ ڕاڤەکردنی مەبەستە نهێلیبیستییەکانی لەبەر دوو هۆکار، یەکەم زمانی شیعری (هاشم سەراج ) ئاسان نییە، چونکە تەژییە لە دیدگای فەلسەفی و پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان بەهەمان شێوە ئەفسانەی گەلانیش زۆر وێنادەکات لە نێو دەقەکاندا . (ستایلی نووسینی ئەم گروپە بریتی بوو لە بارگاوی کردنی ڕستەی شعریی بە چەندین ڕەهەندی تر، بە تایبەتی ئافسانە، بۆیە بە جۆرە ئالۆزییەک دەکرێ ئەوە بووە مایەی فراوانبوونی نێوانی شاعیر و خوێنەر). ( عەبدوڵا، 2006 : 110)، (ئاژەڵ) لەم دەقەدا زۆر جیاواز لەمانا باوەکەی بەکارهاتووە، زیاتر بە واتای فڕێدراو و پەراوێزخراو دێت لە هەموو ئازار و خواست و تەواوی ئەو شتانەی کەوابەستە بە مرۆڤەوە، وەک چۆن لە بواری زانستدا بێ گوێدانە هیچ نرخێک بۆ هەندێک بورنەوەری بێزمان، کە لەنێو تاقیگەدا بەکاریان دێنن، شاعیر مرۆڤ لەنێو تاقیگەی ژیاندا بەهەمان شێوە وێنا دەکات ئەمەش ئەوپەڕ دیدی پوچگەرانەی شاعیر دەردەخات لەبەرامبەر (بوون) دا، لەلایەکی ترەوە (گەشبینی) بە قۆناغێکی بیری مرۆڤەوە گرێدەدات، کەلە ڕووی ئاوەزەوە کامڵ نەبووە، تا ڕادەیەک (منداڵ ) لە جۆرێک نائاگامەندی مانای فەلسەفەی بووندا دەژی، کەواتە گەشبینینیش بەوەهم و بێ ئاگامەندی نیشاندەدات، جارێکی تر خودی ژیان بە ئەفسانەی (سیزیف) دەچوێنێت کە خودی ئەفسانەکە گوزارشتە لەبێ ئەنجامیی و خولانەوە لە بازنەیەکی بۆ شدا، کە (سیزیف) لە بەردەوام بونێکی بێ مانادا ململانێ لەگەڵ چارەنووسی خوێدەکات، ئەمەش جارێکی تر هزری نهێلیستی شاعیرمان بۆ بەیان دەکات، دواجار شاعیر پرسیارێکی وجودی دەورووژێنێت دەڵێت: (بۆ هاتین و بۆ ڕۆشتین) ئەمەش هەمان پرسیارە کە گۆرانی شاعیر لە شعری (بۆ هیوا )دا وروژاندویەتی، فەلسەفەی جەوهەری ئەو پرسیارەش بێ دەسەڵاتی مرۆڤ نیشاندەدات لە بەرامبەر سروشت و بووندا بەهەمان شێوە شاعیر گرنگی بە چەمکی گۆشەگیری دەدات ئەوە دەڵێت کاتێک مرۆڤ لە بێواتایی بوون ڕادەمێنێت ئەوە بە دڵنیایی توشی بێهودەیی و گۆشەگیری دەبێت (ژیان

شەڕو خراپەیە، چونکە پاڵنەرە ڕاستەقینەکەی ئازارە خۆشی و چێژیش تەنیا ڕێبەندییەکی نەرێنی ئازارە، ئیتر (ئەرستۆ) چاکی گوتووە پیاوی زانا و حەکیم لە دووی خۆشی و چێژ ناگەڕێ، بەڵکو لە ڕزگاربوون لە ئازارو خەم دەگەڕێت (دیورانت 2012: 339).

**- گومان هەڵدانی نەردی یەقینە**

**- نەهامەتی لە قوڵایی بووندا نیشتە جێیە**

**- ژیان ، پیاز کڕین و پەتاتە کڕین و سەوزە کڕین و لێکدا بڕانە**

**ژیان کانییەکی هەڵقوڵاوەی مرۆییە**

**- تـەمەن بـەشمەکی بـەر خۆرەتاوە**

**- دنیا**

**چێژێکی کەسکی پابەندبە تراژیدیایە** ( دیوان، 2012 : 96-106)

گومان سەرەتای بەراوێژکردنەوەی یەقینە، کاری فەلسەفەش هەڵتەکاندی یەقینە بەهەمان شێوە هونەرو ئەدەبیش وەک فەلسەفەکار لەسەر یەقین دەکەن و گومان و گومانگەرایی بەر جەستە دەکەن (ئەدەب و هونەر دوو ڕووبارن کە ڕۆخەکانیان بەرەو دەریای بەرینی فەلسەفە ڕێدەکات). (کەمال ، 2005: 11 )، بەهەمان ناوەڕۆکی تێکستەکانی تری، شاعیر لە شیعری (نانۆ) دا کۆمەڵێک دەستەواژەی نیهێلستی لەبەرامبەر ژیان و بووندا بەکار دەهێنێت (گومان، نەهامەتی، دووبارە بوونەوە، لێکدابڕان، لیخن، ترژیدیا)، کە هەریەکێک لەم دەستە واژانە پوچگەرایی دیدی شاعیرمان بۆ دەردەخات، نەهامەتی ئەو حاڵەتەیە بەردەوامییەکی نەبڕاوەی لە ژیانی مۆرڤەکاندا هەیە، بە هەمان شێوە شاعیر لە دووبارەبوونەوەی شتگەلێکی بێ بەهای ژیان ئەدوێت، کە مرۆڤ لەو بوونەدا ناچار دەکات ( کانی لیخن) ئەو گوزارشتەیە، کە جوانییەکانی ژیان جۆرێکن لە سەراب و وەهم، مرۆڤ بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیان کردنی بدات دەبێت چاوەکانی بە وەهم داپۆشێت، بە هەمان شێوە ترس لە پیری و تراژیدیای لێکدابڕان لە ژیاندا هەموو ئەمانە ئەو هۆکارگەلەن، کە شاعیر بەرەو هزری پوچگەرایی لەبوون ئاڕاستەدەکات (هاشم سەراج لەنێوان پرشنگە گەرمەکانی شیعرییەت پانتاییە ساردەکانی جوانیدا نەستی خۆی دەنوسێتەوە لە نێوان خێرای ژیان و کپی مەرگدا خەیاڵە نیگەرانەکانی زمان ڕەنگ دەکات و دەڵێت بۆچی هاتی بۆچی ڕۆیشتی ؟ ژیان لە خولانەوەیەکی سیزیفی زێتر نییە). (عەبدوڵڵا 2012: 5)، شاعیر لە کۆمەڵە شیعری (لالە بەدەستان)دا دەڵێت : **ئای ؟! / ماچ و موچە ماچینییەکانی مەچەک**

**مەستیرین بێهودەییەکانی عیشقێک**

**شەرابینی ڕۆح پەروەر**

**جولیان سوورێل جولیان سوورێل**

**تۆ لە کوێی /ئاخر تۆ لە کوێی؟**

**لەم دۆزەخی عەدەم بارانی**

**بورنەدا چ بکەین ؟!** ( سەڕاج، 2002: 32)

لەم دەقەی سەرەوەدا چەمکی عیشق و خۆشەویستی بابەتێکی ئەبەدی نیین بۆ بەرهەم هێنانی بەختەوەری مرۆڤ، بەڵکو ئەمانەش تەنیا سەر مەستیەکی کاتین، چونکە مانای قوڵی ئەم دەقە ئەوەمان پێدەڵێت کە خودی مرۆڤ لە بووندا لە خەمۆکییەکی قوڵدایە بەهۆی ئەو هەموو پرسیارە وەڵام نەدراوەنەوە کە مرۆڤ لە بەرامبەر بوون و گەردوندا لە هزریدا گەڵاڵەبوون، جارێکی تر شاعیر پەنا دەباتە بەر (جولیان سوورێل)، کە کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانی (سوور و ڕەشی) (ستاندالە) کە پێشتر ئاماژەمان بە ستایلی ئەم شاعیرە داوە، کە هەمیشە کەسایەتییەکانی نیوڕۆمان و ئەفسانەکان دەکاتە کەرەستەی شعیری، ئەمەش خوێنەرماندوو دەکات پێویستە خوێنەر یان توێژەر لانی کەم هێندەی ئەم شاعیرە ئاگاداری جیهانی ئەدەبیاتی جیهانی بێت، بۆیە عیشق و چێژە ئیرۆتیکییەکان لەم دەقەدا کۆتایی بە ئائومێدی دەهێنن، بەڵام بە نائومێدی؟ (فەلسەفەی شوپنهاوەر نزیکییەکی تەواوی لە تەک بودیزم دا هەیە هەردووکیان وایدە بینن کە ژیان هەموو دەردو ئازارە، سەرچاوەی ئەم دەرد و ئازارەش شەهوەتە خواستە دونیاییەکانن) .( حامید، 2019 : 116). (زمان و زەماوەندی ناوەکان) کتێبێکی تری شیعری (هاشم سەڕاج)ە لەژێر چەند ناونیشانێکی جیاوازدا تێکستەکانی چێ کردووە، هەر چەندە زۆرجار ناوی دەق ڕەنگدانەوەی خودی دەقەکەیەو زۆرجاریش پێچەوانەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێ پابەندنەبوونی تێکستە بەناو نیشانەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی هەروەک (عەبدلموتەلیب عەبدوڵا) دەڵێت: (ئەرکی ناو لێرەدا ئاشکراکردن و پرشنگ خستنە سەر نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەسەر لێشیوانیش تێدایە). (سەڕاج، 2009: 3). لە دەقی (نادیە) دا شاعیر لە سروست و مەرگ ئەدوێت .

**مەرگ پێکەنینی**

**سروشتە، بەجەستەی مرۆڤ**

**لە دایک بوون**

**گۆڵمەزێکی شینی**

**گریناوی** ( سەڕاج، 2009: 3 )

ترس لە مردن نەک لەنێودەقی کوردیدا، بەڵکو لەنێو فەلسەفەی هەموو ڕۆژهەڵاتدا پرسێکی فراوان و هەنوکەییە، زۆرجار لە نێو ژیانی ئاسایی و خەڵکی ئاسایدا دەگوترێت، کەمردن هەیە ئیتر ژیان هیچ مانایەکی نییە! مرۆڤیش هەر لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە هەوڵی ژیانێکی جاویدانی نەمری داوە، بەڵام بێ هیوابووە هەروەکو لەداستانی (گەلگامێش)دا (ئەنکیدۆ) بەدوای گیای نەمریدا دەگەڕێت بۆیە شاعیر لێرەدا هەمان بۆچوونەکانی (شوپنهاوەر) لە شیعرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نمونە شوپنهاوەر دەڵێت: (ژیان گاڵتەی بە مردنی تاکەکەسی دێت و پێدەکەنێت، چونکە بەوەچەو نەوەکانی، ئەو کەسانی تریش بە زیندوی دەیانهێڵێتەوە) (دیورانت، ۲۰۱۲: ۱۸) بۆیە شاعیر لە دایک نەبوونی مرۆڤ بەئاسودەیی و بەختەوەری ئەبەدی دەزانێت، وشەی ڕەنگی شین بەکاردێنێت کە هێمایە بۆ تراژیدیا و نەهامەتی بە هەمان شێوە گریانی لە دایک بوون کە منداڵ لەدایک دەبێ بەرلەهە هەمووشت دەگری ئەمەی وێنا کردووە لە دەقەکەدا، کە هێمایە بۆ ئەوەی ژیان و بوون جێگەی بەختەوەری نییە (هەموو شتەکانی نێو ژیان کورتە لە کۆتایدا دەمرن خۆ ئەگەر هەوڵبدەین مۆڵەتی مردن بدەین ئەجەلمان دوور بخەینەوە ئەوە ژیان یاریمان پێدەکات هەروەک چۆن پشیلەیەک یاری بە مشکێک دەکات فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی دەرکی ئەوە دەکات مەرگ لەهەموو شوێنێنک بوونی هەیە ئەوانەی دەچنە پیشەوە بۆی و دەخوازن بمرن ئارامگری و کەرامەتە لەبەرگە گرتنی ژیاندا). (عويضة، 1993: 119)، لێرەدا درک بە هزری خۆکوژی دەکەین لای شوپنهاوەر، بەڵام ئەم

بۆ چوونە لەلای (هاشم سەڕاج) بوونی نییە، بەڵکو تەنیا دەستە وسانە لە بەرامبەر مردن، شاعیر لە چەند دێڕێکی تر دەستەوسانی خویمان نیشاندەدات لە بەرامبەر مەرگ و نەهامەتییەکانی ژیاندا. لە (عەتر و حەشیش و زەهرا) دا دەڵێت:

**سەرمەست و کەسیرەو کەسەردار**

**ڕۆحمان ئەڵقەیەکی چکۆڵەی نەبینراوی**

**سیلسیلــەی بێبڕانــەوەی گــەردوونــی**

**هیچ و پووچ و پەژمــوردەی ئــەبەدە!**

**ئەبەد ئەبەد ئەبەد**

**دەسەپاچە و داماو .... سەرسام و ڕەنگ پەڕیو** (سەڕاج، 2009: 18 )

شاعیر زۆر بە زمانێکی ساکار لە نەهامەتییەکانی مرۆڤ لە بووندا دەدوێت، کە ویست بۆ ژیان مرۆڤ بە لەزەتەکانییەوە دەبەستێتەوە کە جگە لە پەژموردەی هیچی تر نییە، مرۆڤ لەم بوونەدا لە ڕۆحێکی دەسەباچەو سەرسام نەبێت لە هیچی تر ناچێت، دیسان وشەی (ئەبەد) ئەوەمان پێدەڵێت کە ئیتر شتێک نییە بۆ سەرمەستی ڕاستەقینە ئەبەدیەتی ژیان بە نامورادیەکی ئەبەدی ڕۆپۆشکراوە هیچ مانایەک بۆ ڕزگاربوون نییە هەر بۆیە شوپنهاوەر ژیانی فەزیلەت هەڵدەبژێرێت بۆ ئەم دۆخە ئەویش زاهیدە (زاهید کەسێکە ئاگری ڕق و کینەیەکی ئەستور لە هەمبەر وستی ژیان لە ناخیدا لرفەلرفێتی). (حامد، 2019: 112) لە هەمان کۆمەڵە شیعری (عەتر و حەشیش و زەهرا)دا، شاعیر لە چەند دێڕێکدا لە عە دەمی بوونی(بوون) دەدوێت :

**دودی عەدەم**

**ئای دودی عەدەم**

**ئۆە ! کشوما تترین دەخمەیەک لە کپی و خامۆشی!**

**چ دووکە ڵستانێکە وجود ئەی خودا** (سەڕاج، 2009: 21)

ئەمەو چەندین دەقی تری عەدەمی و پوچگەرایی لەنێو شیعرەکانی سەراجدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەدیدێکی ڕۆژهەڵاتی و تاڕادەیەک دانەبڕاوە لەترادسیۆن، خودی شاعیر لەژیانی کۆمەڵایەتیدا کەسێکی پابەندو کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەق دونیایەکی تایبەتە هیچ مەرجێک نییە بۆئەوەی دەق ڕەنگ دانەوەیەکی لەسەداسەدی ژیانی خاوەنەکەی بێت، ئەمەش مێتۆی هەڵوە شێنگەرایی ئەم بۆچونەمان دەسەلمێنێت، کە دەق خاوەنی یەک واتای ئەبستراکت نییەو بەردەوام واتای نوێ هەڵدەگرێت پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە خوێنەرەوە هەیە، (بۆ نموونە دریدا ، پێگەی فرەیی و جیاوازی لە واتادا بەرز ڕادەگرێت و داوای ڕەتکردنەوەی ئامادەیی و باڵایی دەکات بۆ ئەوەی لە جێیاندا کرانەوەی خوێنەر بەسەر وتوو وێژ لەگەڵ دەقدا بێت). (قطوس،2011: 204) بە هەمان شێوە ڕەخنەی (بونیادگەری) دەق بە کەسایەتیەکی دابڕاو لە لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی دادەنێت دەق هەبویەکی سەربەخۆیە بەسەر خۆیدا داخراوە بۆ نمونە فۆڕمالیستەکانی ڕووس، (فۆڕمالیستەکان ئاماژەیان بە دوو پرەنسیپی گەورە دەدا، بابەتی زانستی ئەدەب ئەدەب نییە ئەوە ئەدەبیەتە کەوا دەکات دەق ئەدەبی بێت، ئا لێرەوە قورساییان بە تەنیا لەسەر دەقی ئەدەبییە بە دوور لە فاکتەری دەروونناسی، کومەڵایەتی و مێژووی بوو). (حسەین، 2008: 57 ) کەواتە لە ژێرتیشکی ئەم بۆ

چوونانەدا دەکرێت و ئاساییە شاعیر شیعرەکانی گوزارشتی ڕاستەوخۆ نەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و لە هەمانکاتدا خوێنەر ڕۆڵی گەورە و جیاوازی هەیە لەتێگەیشتن لەواتای دەق، هەربۆیە (هاشم سەڕاج) لەگەڵ بوونی دەیان دەقی نهێلیستی دەیان دەقی گەشبینی هەیە و خۆڵەمێشی (بوون) بە قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ جواندەکات و پڕاوپڕە لە گیانی بە ڕەنگاری بۆ ئاییندەیەکی باشتر.

## ئەنجام

١- نهێلیزم چەمکێکی تاک ڕەهەند نییە، بەڵکو کلتوری نەتەوەیی و درادسیۆن و ئایین ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەپێناسەکردنی ئەم چەمکە لەڕووی واتاوە.

٢ ـ چەمکی نهێلیزم لە هەموو قۆناخەکانی شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٣ ـ نهێلیزم بەمانا( میتافیزییکییە) کەی، بۆچوونێکی لەیەک چووی هاوبەش لەنێوان باوەڕە فەلسەفییەکانی گریک، بەتایبەت (ئەفلاتوون) و شیعری کلاسیکی کوردی بەرجەستەدەکات، بەڵام ئەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لە دیدە ڕۆژئاواییەکە بۆ چەمکی نهێلیزم جیادەکاتەوە باوەڕە ئایینییەکەیە، کەلای مەحوی بەڕونی دەردەکەوێت، کەباوەڕبوونە بە ژیانێکی ترو بە پوچی ڕوانیین لەم ژیانە.

٤ ـ بابەتی (ئیرۆتیک) وەک ڕەمەکێکی هەڵخەڵەتێنەر هەمان تێڕوانیین لەفکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی و شیعری کوردیی لەهەرسێ قۆناخە شیعرییەکەدا دروستکردووە، بەتایبەت لای (هاشم سەڕاج).

٥ ـ بابەتی پوچگەرایی لەشیعرەکانی (هاشم سەڕاج) دا، زۆربەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت بابەتەکانی وەک ( مەرگ، چەمکی حەقیقەت، عەدەمی و ئەبەدییەتی عەدەم لە بووندا.

٦ ـ هەمان بۆچوونی ( شوپنهاوەر) دەربارەی تاوانی وەچە خستنەوەلە شیعری نوێی و هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لای گۆران و هاشم سەڕاج و بەختیار عەلی.

٧ ـ بابەتی (زاهید) وەک چارەسەرێکی بنەرەت، لە نهێلیزمی مۆدیرنێتە و شیعری کوردیدا وەک چارەسەرێک و بەختەوەر بوونی مرۆڤ لە بووندا ڕەنکی داوەتەوە.

٨ ـ بابەتی خۆکوژی وەک دیاردەیەک لە هزری نهێلیستی ڕۆژئاوایی لەقۆناخەکانی مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتە بوونی هەیە، بەڵام لەشیعری کوردیدا بەگشتی و دەقەکانی (هاشم سەڕاج) دا بەرچاو ناکەوێت.


## Sarchawakan

Sarchwa Ba zmani Kurdi:

Kteb:

_ Albaser, Dktor Kamil Hasan Aziz (1983), raxna sazi, Bagdad, chapxana, kori zanyari irak.

_ Prat, Alan ( 2019), nalaezm, slemani, chapxana, hamdi.

_ Husaen, D. Ali Taher (2008), Raxhnae bunyad gare la tuorawa bo prakteezakrdn, chape yakam, slemani, chpu paxshe sardam.

_ Husaen, Himdad ( 2007), rebaza adabyakan, chape yakam, Hawler, chapxana, dazgae Aras.
_ Durant, Will ( 2012), mejue falsafa, wargeran, Ahmad saeed ahmad barznjy, chape yakam, slemani, chapxana, shvan.
_ Darwesh, Dlshad Hamed ( 2019), lasaratada wshaka nabu, chape yakam, slemani,nawandi roshn bere rahand.
_ Omer, Husaen Ahmad( 2012), farhangi adab, slemani, chapxana, Hamdi.
_ Abdulla, Dilshad,( 2006), Bazare gull froshan, chape yakam, slemani, Dazgai chapi Sardam.
_ Abdulla, Abdul mutalib( 2012), pesaki sheeri Nano, Hauler, Nma.
_ Aziz, Hamid (2012), Saratayak la Falsafai klasiki Uonan, chape penjam, Hawler,chpxana, Rozhalat.
_ Katus, D. Basam (2011), darwazayak Bo metodakany raxnai hawcharx, wargeran, D. Mahamad Tatani, chape yakam. Chapxana, Shvan.
_ Kamal, Mahamad ( 2005), Nihilizm u Rahandakni berkrdnawa, chape yakam, slemani, Dazgai chap u paxshe Sardam.
_ Mihraen, Mihrdad ( 2009), Kutabxana falsafyakan, wargeran, Sido Dawd Ali, chape yakam, slemani, chpxana, Ganj.
_ Wasman, Mahamad (2013), Falsafae Sofegari, Hawlre, chapxana, Rozhalat.
_ Aflatoon, Komar ( 2009), wargeran, Dktor Mahamad Kamal, Slemani, Dazgai Sardam.

Diwan:
_ Saraj, Hashim ( 2001), Lalabadastan, chape yakam, Hawler, chapxana, Pak.
_ Saraj, Hashim ( 2012), Nano, Hawler, Santare lekolenawae fkri u Adabe, Nma.
_ Ali, Baxtyar, ( 1999), Dewane sheere, Sweed, Nawandi Rahand.
_ Mudarees, Mala Abdulkarem ( 1378), Dewani Mahwe, chape penjam, Sna, blaukrdnawe, Kurdistan.
_ Malakarem, Mhamad ( 1980), Dewani Goran, chape yakam, chpxana, Kore zanyare Kurd.
Farhangakan:
_ Sabni, Ahmad, ( 2015), Farhangi Zansti Syasi, chape dwam, Sna, Ktebe neshtmani.
_ Mukryani, Hajar ( 1388), Hanbana borena, chap shasham, Tahran, chapxana, Srusht.
_ Nizamadin, Fazl, ( 2007), Farhangi ( Arabi _ Kurdi), chape yakam, Slemani, chapxana, Sardam.

Govar:
_ Esmael, Rebin Rasull ( 2018), Darwazayak bo falsafai Shopn Hawar, Govari, Aidya, Slemani, Jmara( 68_ 69).
_ Perbal, Farhad ( 2007), Govare, Shen, Dazgae Araz, jmara, (15).
_ Salahi, Malik yahya ( 2010), Falsafay puchgarae, wargeran, Karzan Mahamad, Govare, Sardam, Slemani, Dazgae Sardam, jmara, (64).
_ Yasin, Osman ( 1997), Fredrek Necha, Govare, Wargeran, jmarz, ( 2).

Sarchawakan ba zmani Arabi
كتب:

زكريا، فؤاد (1974)، افلاتون الجهوريه، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهيرة.

- شيا، الدكتور محمد شريف (1985) النضريات الجمالية (كانـط، هيجل، شوبنهار)، بيروت، منشورات بحسون الثقافية.
- عويضة، الشيخ كامل محمد محمد، (1993)، شوبنهاور بين الفلسفة والأدب، الطبعة الأولى، بيروت (لبنان). دارالكتب العلمية.
- المحمدى، د. محمد عبدالقادر موسى (2001) الاغتراب فى تراث صوفية الاسلام، بغداد، (بيت الحكمة)
- هيوستن، نانسى، (2010)، النزعة العدمية فى الأدب الاوروبى، ت، وليد السويركى، الطبعة الأولى، هيئة ابوضبى للثقافة و التراث، (كلمة).
- القاموس:
- أحمد، د. ناصر سيد (2008)، المعجم الوسيط، بيروت (لبنان)، دار احياء التراث العربى.

-معلوف، لويس(٢٠٠٢)، المنجد فى اللغة والاعلام، ط٣٩، بيروت، دار المشرق.

سەرچاوەکان بەزمانی فارسی: Sarchawa Farsiya kan

Govar:

- پور، احمد ابراهيمى (١٣٩٩)، پوچ گرايى پس مدرن، مقاله پژوهشى (حكمت و فلسفه)، سال ١٦، شماره(٦٣).
- كراسبى، دنلداى (2010)، نيهيليسم، ت (محمود لطفى) نامه فرهنگ، ايران، شماره (54).
- موسوريان، سيد محمد (1392)، واكارى ماركسيسم، نيهيليسم و شيطان گراى در ادبيات غرفانى پاولوكوئيلو، مجله (معرفت)، وزارت علوم، شماره، (١٩٣).

Sarchawakan ba zmani Englizi:

- Baker, Gideon (2018), Nihilism and Philosophy, nothiningness, truthand world. Blooms bury academic.
- Slocombe, will (2003), postmodern Nihilism, theory and Literatur, puplishes, Routledge.
- Trataglia, James (2015), Philosophy in meaningless, A system of Nihilism, life consciousness and reality,Blooms bury academic.

سەرچاوەی ئینگلیزی ئەلیکترۆنی:

- Iep.utm.edu(Nihilism), Alan Pratt, Email Pratta@aberau.edu, embry, riddle university U.S.A, 2002